**کڕوکاشی وشە** **ڕەحمانی سۆفی**

هۆنراوە بەشێکە لە ژیا

هونەری هۆنەر،

هۆنینەوەی پڕشنگی نیگایێکی کاڵە

هۆنراوە لە دەروونەوەیە،

چاوەڕوانی ئەنگیزەی دەرەکی مەبە.

بۆ تەنیای؟

بە دوای دڵداردا مەگەڕێ!

دڵ خۆتی، دڵدارش هەرخۆت

لەگەڵ دڵداربە، لە بیرت نەچێ

ژیان لەگەڵ گەل مانای هەیە.

ئەویندار ی چەتوونە،

چەتوونیش بایەخی خۆی هەیە

ئەوەی خۆشتدەوێ، ئاسان گوێی بدەیە

ماندوو بوون، حەسانەوەی لە دوایە.

سواڵکەری دزێوە

سواڵی ئەوین، ڕسواییە

پشت سەرت نەدیوە

پێش چاوت ڕەنگین بێ

کتێب بخوێنەوە،

گوێ لە چیرۆکی داپیر بگرە

بەڵام خاوەنی بیری خۆت بە

بیرمەندی بێکارە مەبە

مرۆڤ هەموو کردەوەیە.

دڵپەرۆشی شەو مەبە

شەوی تاریک

ڕۆژی ڕووناکی لە دوایە

لە هەموو تاڵییەکدا خۆشی هەیە.

دایکت زیندانێکی داری هەیە

دەڵێ: «یادگاری باوکتە

بۆ تۆی داناوە

ئەگەر پیاوی تێکیشکێ.